# مەودای نێوان دەسەڵات و گێرەشێوێن ... تایەر حاجی حەسەن

دەسەڵاتە نابەرابەرەکان لە مێژووی خۆیاندا، بۆ وەستانەوە بە ڕووی هاتنەمەیدان و ناڕەزایەتیە جەماوەریەکاندا، چەمکی گێرەشێوێنیان وەک بنەمایەکو فەلسەفەیەک بۆ مانەوەی دەسەڵاتی مشەخۆرودیکتاتۆریانەی خۆیان، بێسڵەمینەوە لە ئاست کەموکووڕیە بەرچاو و واقعیەکان و، بۆ خۆدەربازکردن لە دابین کردنی پێداویستیە سەرەتایەکانی ژیانی کۆمەڵگە، ئەم چەمکەیان بەشێوەیەکی هەمەگیر بەکارهێناوە.

کاتێک دەسەڵات، ئامادەنیە لە هۆکارو و توندوتیژی هەرچ ناڕەزایەتیەک، پێداچوونەوەو دیراسەی ووردی خۆی و ئەرکوهەڵسوڕانەکانی بکات، لە بەرانبەر ئاستی بژێوی و خزمەتگوزاریەکاندا و دابین نەکردنی سەرەتایترین ئامرازەکانی ژیانی ڕۆژانە، بۆخۆی دوو گریمانە دێنێتە بەرهەم:-

" یان ئەوەتا ئەو دەسەڵات و هێزەحاکمە زۆر گێلونەفامە لە بەرانبەر ئەرکوکارێک کە لە ئەستۆیدایە، بۆ جێبەجێکردن و داڕشتنی ستراتیژێک بۆ مانەوەی خۆی و بەئەنجام گەیاندنی مافی بژێوی شایستە بۆ سەرجەم ئەو مرۆڤانەی کە لەژێر دەسەڵاتەکەیدایە".

" یان ئەو دەسەڵاتە زۆر بەئاگایانە دیراسەی ئاستی هۆشیاری کۆمەڵگەو هاتنەمەیدانەکانی کردووەو، بێخەم خۆریانە دێت خۆی لەو ئەرکە دەدزێتەوەو خەریکی سەرقاڵ بوونی خۆیەتی بە بازرگانی کردن بە کۆمەڵگەکەیەوە لە پێناو ئامانجە تایبەتیەکانی خۆیداو بۆ پەیداکردنی هەرچی زیاتری سەروەت و سامانە، ئامادەیە تەواوی قوربانی و فیداکاریەکان بکات بە قوربانی بەرژەوەندیەکانی خۆی و بەتەنگ چارەنووس و داهاتوی میللەتەکەیەوە نیە".

ئەم دووگریمانەیە زۆر واقعیین و چەمکی دەسەڵات لەم ڕێوڕەسمەوە دێت ستراتیژو هەیبەت و ئامانجەکانی خۆی دیاریدەکات.

بەهەرچ جۆرێک و وەک ئەوەی مێژووی ڕابردووی دەسەڵاتەکان نیشانی داوەو لە دوو توێی پەرتوک و دۆکیمێنتەکاندا بۆمان ماوەتەوە، ئەم دوو تێڕوانینە زاڵ بوون بەسەر ئاستی لێبوردەیی و توانایی و قارەمانیەتی ئەو دەسەڵات و سەرکردەیەدا لە مێژووی خۆیاندا.

ئەگەر سەیری چەمکی یەکەم بکەین لە مەڕ دەسەڵات و ئامانجی دەسەڵات، وەک تەنها بۆخۆیو تاگەشتنی بە ئامانجەکان، هەردەم (جەماوەری چەوساوە بۆ هەردوو چەمکەکە وەک پێویست لەکاتی تایبەتدا بەکارهاتووە و بەشان و باڵیدا زۆروتراوە)،

بەڵام چەمکی یەکەم لە مێژووی خۆیدا نەیتوانیوە زۆر درێژە بە دەسەڵات و مانەوەی خۆی بدات، چونکە دەسەڵاتێک ئاگای لە مێژووی سەرهەڵدان و ناڕەزایەتیە جەماوەریەکان نەبێت لەپێناو باشترکردن و دۆزینەوەی ڕێگاچارەی گونجاو بۆ دەرچون لە قەیرانەکان، حەتمەن تەمەنی ئەو دەسەڵاتە کورت دەبێت و ناتوانێت مێژوویەک لە هاوسەنگی نێوان خۆی و میللەت بنیات بنێت.

بەڵام کاتێک تێدەگەین لە چەمکی دەسەڵات و ئامانجەکانی و پەلهاویشتنی بۆ مۆنۆپۆڵ کردنی هەرچی دامودەزگا هەیە بۆ ژێر چەپۆکی دەسەڵاتی خۆی، لەو سۆنگەیەوە دەگەین بەو ڕێڕەوەی کە ئەم دەسەڵاتە بەشوێن چ جۆرە حاکمیەتیەکەوەیە. ئامانج لە ستراتیژوهەقانیەتی ئەم جۆرە دەسەڵاتەو خۆگرێدانەوەی بە شێوازی ڕوکەشانە بە خواستەکانی کۆمەڵگە، لە پرووپوچی و درۆیەکی ناڕەوا هیچی دیکە نیە.

ئەگەر ئەم دەسەڵاتە بە شوێن بەرەوپێشچونی ژیان و گوزەرانی کۆمەڵگەوەیە، ئەی ئەم هەموبێمافیەی ڕۆژانە بۆ؟ هۆکار لە دروستکردن و بنیات نانی ئەم هەموو جەنگ و کوشتارگایە بۆ؟ ئەم هەموو بێحورمەتیە ڕۆژانەییە لە هەمبەر خۆسوتاندن و کوشتن و ئەتک کردنی ژنان بۆ؟

تەواوی ئەم بێمافی و تا سنووری شیاوی ژیانێکی بە کۆیلایەتی بوون بە کۆمەڵگە، بەرهەمی ڕەنگینی نێو چەمکی دەسەڵاتی نایەکسانی خوازیە؟

لە ساتەوەختێکدا کە (تاڵەبانی و بەرزان) باسوخوازەکانیان دێننەئاراوە و باس لە ڕەنج و بەرهەمی ئەو مێژووەی خۆیان دەکەن و فرۆشتنەوەی بەری پەیداکردن و بلۆک کردنی ملیاردەها دۆلاری بەدەستەوەبووی خۆیان! وەک بەری ڕەنجی ئەم 15 ساڵەی تەمەنی حاکمیەتیان بە میللەت دەفرۆشنەوەو، باس لە بنیات نانەوەکانیان بۆ کۆمەڵگە دەکەن. گوایە ئەم خەباتە بەخوێن بەدەست هێنراوەو، ئامادەنین هەروا بە ئاسانی لە دەستی بدەن و بەری ڕەنجی فیداکاریەکانە؟

لە ڕاستیدا بەری ڕەنجی فیداکاریەکان، تەنها بۆ وەکۆوەنانی هەرچی زیاتری دەسەڵات و بلۆک کردنی ئیمکانیاتەکانتان بووە. تەواوی ڕەنج و فیداکاریەک کە لە بنەڕەتدا میللەتی چەوساوە بەدەر لە هۆشیاری چینایەتی خۆی و بۆ گەیشتنی بە ئازادیەکانی، ئامادەبوو لە نێو ئەو دەورانەی بزوتنەوەکەتاندا هەرچ قوربانیەک پێی بسپێردرێت، بێ لێکدانەوە هەنگاو بنێت تا دەگات بە سەرفرازی و دەستی داگیرکار کۆتا پێبهێنێت. بەڵام ئەوەی وا خەباتی بۆ کردوو گیانی بەخت کرد، ئەنفال کراو ئەتک درا، ئەوەی بەر هێرشی کیمیاباران کەوت و بوو بەسوتەمەنی بۆ بزوتنەوەکەتان، نەوەکانی ئەم بەشەی میللەتن ئەمڕۆش بەگژ ئێوەدا دێنەوەو ئێوەش بەگێرەشێوێن ناوزەدیان دەکەن.

ڕەنگە ئێستا تەواوی ئەو قوربانیانە زیندوببنەوە، تف و نەعلەت بکەن لەو ڕۆژگارەش کە هاتن ئێوەیان کرد بە ڕێبەر و سەرکردەی خۆیان. ئەوەتا هەرئێوەن ئەمڕۆ لە نێو میدیاکانتانەوە ڕای دەگەیەنن کە دەستی گێرەشێوێن و تێکدەر دنەی جەماوەر دەدات بە دژی دەسەڵات، بەڵام بەڕاستی لە خۆتان پرسیوە جیاوازی بژێوی نێوان ئێوەی دەسەڵات دارو و ڕەعیەتەکەتان لە چ ئاستێکدایە؟

ئێوەو بەرپرسەکانی نیو دەسەڵاتەکەتان بە جۆریک بوون بە بەرنامەڕێژی نێوبنیاتنانی دەورانی گەندەڵی و فەسادی ئیداری، وا خەریکە هەموکۆمەڵگەش لەگەڵ خۆتاندا ڕسوادەکەن؟

سەروەت و سامانەکانتان ناتوانێت حورمەت و مێژوویەکی روسپیتان بۆ بنووسێتەوە، ئەوە ئاستی بەرەوپێشچون و ڕازی بوونی کۆمەڵگەیە بەگشتیو لە تەواوی بوارەکانی ژیاندا دەتوانێت بڕیار دەربێت و جێگای سەرکردە و دەسەڵاتیش لەم گۆشەیەوە بە دەر دەکەوێت.

ئەوانەی ئەمڕۆ دەڕژێنە سەرشەقامەکان و داواکاری سادەترین داخوازین، پێکهاتون لە و دەستەوتاقمانەی دوێنێ بەگژ ڕژێمی بەعسدا دەچوونەوە و لە مەرگ سڵیان نەدەکردەوە. ئەمانەو پێگەشتنی نەوەیەکی نوێش، ئاگادار لە پێشکەوتنە جیهانیەکان و بینینی ئەو جیاوازیە قەبەیەی نێو خۆی و دەسەلات، ئەم ناڕەزایەتیانە تەنها بە باشترکردنی ویستەکانیان دەکرێت خاو ببنەوە، نەک بەکوشتن و توندکردنیان لە زیندانەکانتان و ڕاوەدونانیان، هەر لە شێوەی ئەو دیکتاتۆرەی کە ئەمڕۆ لە دادگادا خۆی دادگای دەکرێت دەرئەنجامی ئەنفال کردنی نەتەوەیەک. ئێوە بڕۆن ئەم جینۆسایدە بە ڕەسمی بە جیهان و حکومەتی عێراقی بناسێنن و با بەگشتی ئەوهێزو دەسەڵاتانە داوای لێبوردن و دوبارە نەبوونەوەی ئەم جینۆسایدە لە نێو دەستورەکەیاندا بناسێنن.

ئێوە ئەمڕۆ بەری ڕەنجی ئەم جەماوەرە ناڕازیە دەخۆن و لەسەر مێزی ڕازاوەی تەمەنتان پێکی هەناسەی ساردی ئەم میللەتە هەڵدەدەن. هەر ئەم ئاژاوە گێڕانە بوون، تا دوێنێ بە ڕوی دڕندەترین و هارترین ڕژێمدا هەڵدەشاخان و دەیانهێنایە لەرزین. ئەی خۆ ئەمانە لە نەوەی کەسێتی ئێوە نەبوون، کە لەوڵاتاندا سەرقاڵی ژیانی ڕابواردن و خۆش کەیفی خۆیان بوون؟

ئەم جەماوەرە ڕۆڵەو نەوە ڕاستەقینەکەی نێو میللەتەو یەخەتان پێدادەدرێت، ئەگەر ئامادە نەبن تەسلیم بە خواستەکانیان بن!

2006/08/21

هۆڵەندا